


ژانی گەل

ئیبراهیم ڕەحمەد

ڕۆمان

43521

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بڵاوکراوەی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن



ناوی کتێب: ژانی گەل
نووسین: ئیبراهیم ئەحمەد
دیزاینی بەرگ: عەلی ئەرشان خان
خۆشنووسی سەر بەرگ: ئەحمەد سەعید
دیزاینی ناوەوە: بوار نوورەدین
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
لە چاپخانەکانی تاران- ئێران چاپکراوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ١٣٦٧ی سالی ٢٠٢١ی پێ دراوە

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەرۆک

پێشەکی: د.کەمال فوئاد.....۷

ڕۆمانی ژانی گەل.....۱۳

ژانی گەل لە چەند دێڕێکا.....۲۵۳

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

د.کەمال فوئاد

پاش بێ دەنگییەکی چارەکە سەدەیی لە جیهانی ئەدەبی کوردیدا، خاوەنی (یادگار و هیوا) و (بەرەو ڕووناکی) و (کوێرەوەری)، ئەم جارە (ژانی گەل)مان پێشکەش ئەکا.

نووسینی ئەم داستانە، ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦، بۆ کاتێک کە شۆڕشی گەلی جەزائیر دژی داگیرکەری فڕەنسی و لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانیدا، هێشتا دوو ساڵی بەسەردا تێ نەپەڕی بوو، بەڵام گەردەلوولی ڕۆژگار وای کرد، کە دە ساڵ پاش سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەی ئەم داستانەی پێشکەش کرابوو، بڵاوبکرێتەوە.

ئەوی ڕاستی بێ، بەر لەوەی ڕێگای خۆی بگرێ بەرەو چاپخانە، ماوەی چەند مانگێکیش لە لای من مایەوە. لەم ماوەیەدا چەند جارێکم خوێندەوە، جار بە جار لە لام شیرینتر ئەبوو، ویستم لەم پێشەکییەدا شتێک لەسەر ناوەرۆکەکەی بنووسم، چەند لاپەڕەیەکم ڕەش کردەوە، تەماشام کرد هەقی خۆیم نەداوەتێ، لەبەرئەوە وام بە باش زانی، کە ئەم ئەرکە بەرەو ڕووی شارەزایانی ئەدەب بکەمەوە.

***

ئەگەرچی لەو بڕوایەدام کە نووسەر پێویستی بە پێ ناسین نییە، بەڵام پێش ئەوەی کۆتایی بەم پێشەکییە بهێنم، حەزئەکەم شتێکی دەربارە بنووسم:

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

(ئیبراهیم ئەحمەد) لە سالی ١٩١٤دا، لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، لە سالی ١٩٣٧دا، لە بەغدا خوێندنی (حقووق)ی تەواوکردووە. سالی ١٩٤٢ تا ١٩٤٤ (حاکم) بووە، لە سالی ١٩٣٩وە تا ١٩٤٩، بە هاوکاری لەگەل مامۆستا (عەلادین سەجادی) گۆڤاری (گەلاوێژ)ی لە بەغدا دەرکردووە. هەر لەبەرئەوەش ناچار بووە لە سالی ١٩٤٤دا واز لە فرمانی میری بهێنێ. لە سالی ١٩٤٧ەوە وەکوو یەکێک لە سەرکردەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) ناوی دەرکردووە.

نووسەر سەرەتای ژیانی ئەدەبیی وەکوو ڕۆمانتیکێکی شۆڕشگێر دەست پێ ئەکا:

"لە بەرچاوی بەد، لە ترسی بەدکار

دل خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار

بە گریانی وشک، بە نالەی بێ دەنگ

دێنمە لەرزین، تەختی کردگار."[١٠]

بەڵام لە دواییدا لەسەر ڕێبازی ڕیالیزم ئەگیرسێتەوە. بەم مانایە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکانی عیراقدا، گەلێک شیعر و چیرۆک و وتاری جۆربەجۆری ئەخوێنینەوە، کە بە ناوبانگ ترینیان ئەمانەن:

(لە ولاتی قارەمانانا) ١٩٤٢- چیرۆکێکی کورتە دەربارەی بەربەرەکانێی پارتیزانەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، دژی هێرشی نازییەکان بۆ سەر ولاتەکەیان، (خازێ) ١٩٤٣، (کوێرەوەری) ١٩٤٤، (کەرەلۆتیی مەنووچەر) ١٩٤٥- سێ کورتە چیرۆکن لەسەر ناڵەبارییەکانی کۆمەڵ

١- یادگار و هیوا، یادگاری لاوان، بەغدا، ١٩٣٣.

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

و چەوساندنەوەی جووتیاران لەسەر دەستی دەرەبەگ و پیاوەکانی میری لە سەردەمی پاشایەتیی گۆرپەگۆڕ[1]، (بەرەو ڕووناکی) ١٩٤٥- پارچە پەخشانێکی جوان و ڕەوان دەربارەی ئەرک و ئازارەکانی تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا[2].

لە ساڵی ١٩٤٩دا لە ڕێگا بەرەو بەندیخانە، کە دوو ساڵی تیا بەسەربردووە (دوا تیری کەوان)ی وتووە، کە تیایدا هێرشەکانی حکوومەتی ئەو سەردەمەی بە لنگەفرتێی سەرەمەرگ داناوە و مژدەی نزیکبوونەوەی ڕۆژی سەرکەوتنی بەسەر ڕژێمی پاشایەتی و نۆکەرانی ئیمپریالیزمدا بە گەل گەیاندووە:

کوا ڤێرماختی ئەڵمانی[3]، کە ئەتوت هەر زەرووی خوێنە؟

کوا لوفتڤافە[4] ئەو هێزە نەپارێزە مەرگ چێنە؟

کوا تۆپی، کوا تانکی، کوا ئوستووڵی بێ وێنە؟

بە جارێ گۆڕی گوم بوو، گشتی وەک خۆی[5] بێ سەروشوێنە.

لە لای ئێمە هەڵەنگووتن یەکەم هەنگاوی زاڵبوونە،

لەناو بۆتەی خەباتا توانەوە، هەر شەرتی قاڵبوونە،

لە نوچدان و هەڵەنگووتن نییە باکی گەلی کوردان،

وەکوو ڕێگەی خەباتی خۆی، شکانی تۆی لە لا ڕوونە.[10]

١- بڕوانە کۆیرەوەری، بەغدا، ١٩٥٩.

٢- گەلاوێژ، ژمارە ٥، ساڵی ٦، بەغدا، ١٩٤٥.

٣- Wehrmacht هێزی بەرگریی ئەڵمانیای نازی.

٤- Luftwaffe هێزی هەوایی ئەڵمانیای نازی.

٥- واتە وەکوو هیتلەر، کە لە بەیتێکی پێشووترا ناوی هاتووە.

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library